# وتەکانی
# مەولانا





ئامادەکردنی

هونەر عوسمان

Scanned by CamScanner

| 238 | 19.2k | 7 |
| --- | --- | --- |
| posts | followers | following |

Promote | Edit Profile

📚 PDF کتێبی 📚 پەڕەی فەرمی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

👑 Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_

Ktebi_PDF




Scanned by CamScanner

وتەکانی مەولانا


**ناوی کتێب: وتەکانی مەولانا**

**ئامادەکردنی: هونەر عوسمان**

**نەخشەسازیی : ناوەندی سارا**

**قەبارە : (١٤*٢١)، ١٢٥ لاپەڕە**

**نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠١٧**

**شوێنی چاپ : ناوەندی سارا**

**تیراژ: ٥٠٠ دانە**

**نرخ : ٣٠٠٠ دینار**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١١٣٢)ی ساڵی ٢٠١٧ ی پێدراوە

---

**ناوەندی سارا**
**بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**
**سلێمانی_بازاڕی نەوبەرێک**
**٠٧٥١ ٤٣٨ ٣٥٠٩**

# مەولانا کێیە؟

جەلالەددیـن مـوحەممەد بەڵخـی ناسـراو بەجەلالەددیـن موحەممەد ڕۆمی (بە فارسی: جلال‌الدین محمد بلخی)، مەولانـا یان مۆلانا (بەفارسی: مولانـا، بەواتـای مامۆستا یـان گەورەی ئێمە)، مەولەوی یان مۆلەڤی (بەفارسی:مولوی، بەواتای مامۆستا یـان گەورەی مـن) هەروەهـا لەتورکیـا ناسـراوە بە مەڤلانـا (Mevlānā) و بەگشـتی لەجیهـانی ئینگلیزیـدا بە ڕۆمـی ناودەبرێـت لە٣٠ی ئەیلـوولی ١٢٠٧ ز لە گونـدی وەخـش کە دەکەوێتە شارۆچکەیەکی بچووک لە سـەر ڕووبـاری وەخش لە وڵاتی فارس (تاجیکستان)ی ئێستا لەدایکبووە، باوکی بە یەکێک لە زاناکانی ئەو شارە ناسرابوو. وەخش سەر بە پارێزگای بەلخ بووە، هەروەها ئەم دوو شارەش سەر بە کلتووری گەورەتری ئەو کـاتەی فارسـی خۆراسـان بـوون لە ڕۆژهەڵاتـی وڵاتـی فـارس هەروەها بەشێک بـوو لە دەوڵەتـی خەوارزمـی. هەردوو شـوێنی لەدایکبوون و زمانی دایکی مەولانـا هەڵقـوڵاوی میراتـی فارسـی بوون. گەورەترین کاریگەری لەسەر ڕۆمی جگە لە باوکی بریتی بوو لە هەردوو شاعیری فارس عەتتار و سەنائی.



Scanned by CamScanner

ڕۆمی زۆربەی ژیانی لەژێر دەسەڵاتی سەلجوقی فەرمانڕەوای ڕۆم بەسەربردووە کە شوێنەکەی دەکەوێتە ناوچەی ئەنادۆڵ و هەر لێرەش زۆربەی بەرهەمەکانی نووسیوە و لە ژێر کاریگەری زمانی فارسیدا بووە. تا کۆتایی تەمەنی هەر لەوێ ماوەتەوە تا کاتی مردنی لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٢٧٣ز.

لە شاری کۆنیای تورکیا نێژراوە و ئێستا خەڵکێکی زۆر سەردانی گۆڕەکەی دەکەن. لە دوای مردنی کوڕەکەی سوڵتان وەلەد و شوێنکەوتووەکانی (تەریقەتی مەولەوییە)یەیان دامەزراند کە ناسراوە بە تەریقەتی ئەو دەروێشانەی کە بە دەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە کە ناسراوە بە سەمای سۆفییەکان.

فارس، تورک، ئەفغان، تاجیک و موسوڵمانانی تری ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاوشانی موسوڵمانانی باشووری ئاسیا فێرکارییە بەجێماوە ڕۆحییەکانی ئەو لەماوەی حەوت سەدەی ڕابردوو بەرز دەنرخێنن. گرنگیی ڕوومی پێدەچێت سنوورەکانی نەتەوە و ڕەگەزی شکاندبێت و چووبێتە ئەودیو ئەوانیشەوە. شیعرەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ چەندین زمانی دنیا وەرگێڕدراون و بۆ چەندین شێوازی جودا وەچەرخێنراون. لەساڵی ٢٠٠٧دا، بە بەناوبانگترین شاعیر وەسف کرا لە ئەمەریکادا.

کارەکـــانی ڕوومـــی بەفارســـی نووســـراونەتەوە و مەسنەوییەکانی ئەو یەکێکە لە پاراوترین شاکارەکانی ئەدەبی ئێرانی و یەکێکە لە کارە شانازییپێکراوەکانی زمانی فارسی. کارە ڕەسەنەکانی بەشێوەیەکی بەفراوان ئەخوێندرێتەوە بەزمانە ڕەســەنەکەی خــۆی لە جیهــانی زمــانی فارســیدا (ئێــران، تاجیکستان، ئەفغانستان و هەندێک بەشی ناوەڕاستی ئاسیا- فارسی زمانەکان). وەرگێڕانی کارەکانی زۆر باوە لە وڵاتانی تردا. کارەکانی کاری کردۆتە سەر ئەدەبی فارسی، ئوردو، پەنجابی، تورکی و هەندێکی تر لە زمانە ئێرانیی و تورکی و هیندییەکان کە بە ئەلفبێی فارسی نووسراونەتەوە وەک پەشتو، تورکی عوسمانلی، چاتاگی و سیندی.



Scanned by CamScanner





Scanned by CamScanner

١



وەرە، هەرکەس هەیت، وەرە

گەڕیدەیت، خوداپەرستیت، عاشقی ڕۆشتنیت وەرە،

گرنگ نییە تۆ کێیت

کاروانی ئێمە کاروانی نائومێدیی نییە

وەرە،

ئەگەر هەزاران جار بەڵێنی خۆت شکاندبێت

وەرە،

هێشتاش دووبارە ، وەرە



Scanned by CamScanner

## ٢



تۆ ڕۆشتیت و من فرمێسکی خوێنینم باراند.

خەمەکانم گەورە بوون

نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە تۆ ڕۆشتیت،

بەڵکو کاتێک تۆ ڕۆشتیت،

چاوەکانی منیش لەگەڵت ڕۆشتن،

ئێستا، چۆن دەتوانم بگریم؟



Scanned by CamScanner

## ٣



لەوانەیە ڕۆژێک دڵت بەرەو مەعشوقت ببات،

ڕۆژێک ڕۆحت هەڵی بگرێت و بەرەو خۆشویستراوت ببات

لە ئازارەکانتدا وون نەبیت

بزانە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازارەکانت بۆت دەبنە دەرمان.



Scanned by CamScanner

٤



من نه به دڵ و نه به مێشک هاوڕێکانم خۆش ناوێت

چونکه ڕەنگه...

دڵ له لێدان بکەوێت، مێشک له بیری بکات

من به ڕۆحم ئەوانم خۆش دەوێت

چونکه ڕۆح هەرگیز نه ڕادەوەستێت و نه له بیر

دەکات.



Scanned by CamScanner

٥



له ڕووناکی تۆدا فێر بووم ، چۆن خۆشەویستی بکەم

له جوانی تۆدا فێربووم،چۆن هۆنراوه بهۆنمەوه

تۆ له ناخی مندا سەما دەکەیت

لەو جێگەدا کەس تۆ نابینێت

بەڵام هەندێک جار من دەتبینم وه ئەو ڕووناکییه دەبێته

ئەم هونەره!



Scanned by CamScanner

٦



به بێ دەنگی دانیشە و گوێبگرە

گوێ بدە بەو دەنگەی کە دەڵێت:

" زیاتر بێ دەنگ بە"

کاتێک هەست بە بێ دەنگی دەکەیت

ڕۆحت دەبوژێتەوە.



Scanned by CamScanner

## ۷



تەماشای دوای خۆت مەکە

کەس نازانێت ئەم جیهانە چۆن دەستی پێکردووە

لە داهاتوو مە ترسە، هیچ شتێک بۆ هەتاهەتایە نامێنێت

ئەگەر تۆ لە ڕابردوو یان ئایندەدا دەژیت

ئاوا ئێستات لە دەست داوە.



Scanned by CamScanner

## ٨



لەو باوەڕەدایت کە تەنها بەوەی کە هەناسە دەدەیت

زیندوویت؟

شەرمە بۆ تۆ

کە تۆ ئاوا بە سنووردار کراوی بژیت.

خاڵی مەبە لە عەشق، تاکو هەست بە مردن نەکەیت.

لە عەشقدا بمرە، تا بۆ هەمیشە بە زیندووی بژیت.



Scanned by CamScanner

٩



له حەقیقەتدا ڕۆحی من و تۆ یەکێکە

هەردووکمان خۆمان پیشان دەدەین و خۆمان

دەشارینەوە

ئەمە یاریی باوەڕە

من هێشتا دەڵێم من و تۆ

ئەمەش لە تێنەگەشتنەوەیە

من و تۆ یەک بوونی نییە

ئەم ووشانەش بە تەنها هی ئەم جیهانەن!



Scanned by CamScanner

## ١٠



**حەقیقەت لە دەستی قودرەتی خودادا،**

**ئاوێنەیەک بوو، کەوت و بوو بە چەند پارچەیەک،**

**هەریەکێک پارچەیەکی بۆ خۆی برد**

**هەریەکەیان وا بیر دەکاتەوە**

**کە حەقیقەت لەلای ئەوە.**



Scanned by CamScanner

١١



عەشق هەرگیز نانوێت

تەنانەت پشووش نادات

تەنانەت لەگەڵ عاشقانیشدا زۆر نامێنێتەوە

عەشق زمانێکە کە

ناوترێت

و

نابیسترێت.



Scanned by CamScanner

## ١٢



**هیچ ئاوێنەیەک دووبارە نابێتەوە بە ئاسن**

**هیچ نانێک دووبارە نابێتەوە بە گەنم**

**هیچ ترێیەکی پێگەشتوو دووبارە نابێتەوە بە بەرسیلە**

**گەورە ببەو خۆت بپارێزە لە گۆڕان بۆ مرۆڤێکی خراپ**

**ببە بە ڕووناکی.**



Scanned by CamScanner

١٣



ئەی ڕۆح، تۆ زۆر دڵەراوکێتە

تۆ هێزی خۆت بینیوە

تۆ جوانی خۆت بینیوە

تۆ باڵە زێڕینەکانی خۆت بینیوە.

لە چیت کەمە، بۆچی دڵەڕاوکێتە؟

لە ڕاستیدا تۆ ڕۆحی، ڕۆحی، ڕۆحیت.



Scanned by CamScanner



خەڵکی ئەم جیهانە لەبەرامبەر ڕووناکی مۆمدا وەک سێ

پەپوولە وان

یەکەمیان نزیک دەبێتەوە و دەڵێت:

" من دەربارەی عیشق دەزانم"

پەپوولەی دووەم، باڵەکانی لە ئاگرەکەی داو ووتی:

" چۆن ئاگری عیشق شتەکان دەسووتێنێت"

پەپوولەی سێیەم،خۆی هاویشتە ناوەڕاستی ئاگرەکەو

سووتا .

تەنها سێیەم پەپوولە عیشقی ڕاستەقینەی ناسی.



Scanned by CamScanner



هەرکەسێک من دەناسێت، پێویستە فێر بێت دووبارە

بمناسێتەوە

لەبەر ئەوەی من وەک مانگ وام

لەوانەیە تۆ هەر ڕۆژێک بە ڕوخسارێکی نوێوە بمبینیت.



Scanned by CamScanner

## ١٦



من هەرچەندە لە بارەی عیشقەوە بڵێم و شرۆڤەی بکەم و لێکیبدەمەوە، کاتێک کە دەگەمە ئاست خودی عیشق شەرمەزاری دامدەگرێت و خەجاڵەت دەبم و تەریق دەبمەوە لێی، هەرچەندە ڕاڤەی زمان ڕوونکەرەوەیە، بەڵام عیشقی بێ زمان خۆی ڕوونترە.



Scanned by CamScanner

١٧



خۆشەویستی تاڵی دەگۆڕێت بە شیرینی و، خۆڵ دەکات بەزیو و، پیسی بۆ پاکی و ئازار بە شیفا دەگۆڕێت و، بەندیخانە دەکات بە باخچە،نەخۆشی بە نیعمەت و،غەم و پەژارە بە ڕەحمەت دەگۆرێت و،هەر خۆشەویستییە ئاسن نەرم دەکات و بەرد دەتوێنێتەوە، مردو زیندو دەکاتەوە، گیانی دەکات بە بەردا و کۆیلە دەکات بە ئاغا.



Scanned by CamScanner

## ١٨



ئەی ئەو بەندەیەی بەردەوام بە ڕوویەکی ترش و تاڵەوە

سوپاسی پەروەردگاری دەکات، دەی ئەگەر

سوپاسگوزاریت بۆ بەهرەکانی پەروەردگار ئەوە بێت،

ئیتر بەڕاستی ئەبێت کامە بێت ئەو ڕێگەیەی تۆ

سوپاسی پێ دەکەیت؟



Scanned by CamScanner

## ١٩



تەمەنێک کە بێ عیشق ڕۆیشت، هیچ حیسابی بۆ مەکە،

عیشق ئاوی ژیانە، لە دڵ و گیاندا پەروەردەی بکە،

هەرکەس جگە لە عاشقان بە ماسی بێ ئاو بزانە، مردوو

و پەژموردەو سیس بووە ، گەرچی وەزیر بێت.



Scanned by CamScanner

٢٠



دەتەوێت بچیتە بەهەشت؟

بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگای ڕاستی بڕۆیت

پێویستت بە میهرەبانیی خودا هەیە

هەموومان لە کۆتایدا ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە

بەڵام لە ڕێگەدا، ئاگادار بە

هەرگیز ئازاری دڵی کەس مەدە!



Scanned by CamScanner



هەرچەندە ڕێگاکان جۆراوجۆرن،بەڵام ئامانج یەکە،نابینی
کە ڕێگا بۆ کابە گەلێکە؟ هەندێک ڕێگەیان لە ڕۆمەوەیە
و هەندێک لە شام و هەندێک لە عەجەم و هەندێک لە
چین و هەندێک بە ڕێی دەریادا،لە هیند و لە یەمەنەوە.
کەوایە ئەگەر سەیری ڕێگاکان بکەیت، جیاوازییەکی
گەورە و دژایەتی لە ڕادەبەدەرە، بەڵام ئەگەر سەیری
ئامانج بکەیت هەموو یەکڕا و یەکگرتوون.



Scanned by CamScanner

٢٢



**ووتم: دەربارەی چاوەکانم چی دەڵێیت؟**

**ووتی: با لە ڕێگاتدا بن**

**ووتم: ئەی دەربارەی ئارەزووەکانم؟**

**ووتی: با بسوتێن**

**ووتم: ئەی دڵم؟**

**ووتی: پێم بڵی چیت تێداهەڵگرتووە؟**

**ووتم: ئازار و برین**

**ووتی: با بمێنن**

**برینەکان ئەو جێگایانەن کە ڕووناکی لێیانەوە دەچێتە ناوەوە.**



Scanned by CamScanner



**ئێستا بێدەنگ بە**

**بهێڵە ئەوەی کە ووشەکانی دروست کردووە بدوێت**

**ئەوەی دەرگای  دروست کردووە**

**ئەوەی قوفڵی دروست کردووە**

**ئەوەی کلیلیشی دروست کردووە .**



Scanned by CamScanner

٢٤



ئەی بەستەزمان ئەوەی

ئارام ناگرێت لەسەر بێ بەش بوون لەم دونیا بێ بەهایە!

دەی چۆن دەتوانێت دان بە خۆیدا بگرێت

لەسەر بێ بەش بوون لە دوڕۆژ و پەروەردگار

کە دونیا لەچاو دواڕۆژ بێبەها بێت، کەوایە دەوڵەمەندان

و زەنگینانی دنیا لە راستیدا دەوڵەمەند و زەنگین نین!



Scanned by CamScanner

٢٥



من هاتوومەتە ئێرە تاکو سەرم لە بەر پێتدا دابنێم

داوای لێبوردنت لێ بکەم و

لەسەر کورسی گوڵان دابنیشم و

هەموو دڕکەکانم بسوتێنم.



Scanned by CamScanner

٢٦



**مۆمێک لە دڵتدایە، ئامادەبە بۆ ئەوەی دابگیرسێت**

**بۆشاییەک لە ڕۆحتدایە، ئامادەبە بۆ ئەوەی پڕ بێت.**

**تۆ هەستی پێ دەکەیت، وانیە؟**



Scanned by CamScanner

## ٢٧



ئایا وێنه دەتوانێت لەبەردەم وێنەکێشەکەیدا خۆی بنوێنێت و شانازی بەخۆیەوە بکات؟ ئەی مرۆڤ! تۆش وەک وێنەی لە دەستی وێنەکێشدا، دەی بەڕاستی ئەندازەو سنوری خۆت بە باشی بزانە و هەرگیز ئەوە لەبیر نەکەیت کەتۆ بەدی هێنراویت، هەروەها بە لووتبەرزی و لەخۆ بایی بوون بێ توانای و بێدەسەلاتی، خۆت چڵکن و پیس مەکە.



Scanned by CamScanner

## ٢٨



بەرگرووی " لەخۆباییبوون" بە مەقەستی "مانگ"ەکان

وا قوماشی تەمەنت پارچە پارچە دەبڕێت. تۆیش

مەرخەریکی بەدوای بورجی بەختتدا ڕادەکەیت و

دەتەوێت هەموو ڕۆژێکت هەر خۆشی و پێکەنین بێت!



Scanned by CamScanner



من مەست وشەیدای جیهانی مەعنام نەک جیهانی ڕواڵەت، چونن مەعشوقی مەعنەوی بە وەفاترە، تەواوی جوانییەکان لە جیهانی مەعناوە سەرچاوەیان گرتووە، هەروەها تەواوی جوانییەکانی ئەم جیهانە لە جوانییەکانی جیهانی غەیبەوە هاتوون.



Scanned by CamScanner

٣٠



وەک کانزا مردم و، بووم بە گیا

وەک گیا مردم و ، بووم بە گیانەوەر

وەک گیانەوەر مردم و، بووم بە مرۆڤ

بۆچی دەبێت بترسم؟ کەی من بە مردن بچووک

بوومەتەوە؟



Scanned by CamScanner

٣١



**مەرگ بۆ من تامێکی شیرینی هەیە و،**

**کۆچکردن لەم سەرای دونیایەدا هێندە دڵنشینە،**

**کە وەک ئەوە وایە باڵندەیەک لە قەفەزەکەیدا ئازاد**

**ببێت و جێی بهێڵێت.**



Scanned by CamScanner

## ٣٢



**ئەقڵ هەروەک پەروانەیە و مەعشووق وەک**

**شەم.هەرچەند پەروانە خۆی لە شەم بدا دەسوتێ و**

**دەفەوتێ ، بەڵام پەروانە ئەوەیە کە هەرچەند بسووتێ**

**ئازاری پێبگا، لە شەم ئارام نەگرێ.**



Scanned by CamScanner

## ٣٣



**هەرکەس خۆشەویست بێ باشە و نەک بە پێچەوانە:**

**پێویست ناکا هەرکەس باش بوو خۆشەویست بێ،**

**باشی بەشێکە لە خۆشەویستیی و خۆشەویستیی ئەسڵە.**

**ئەگەر خۆشەویستیی هەبێ، بێشک باشیش دەبێ،**

**بەشێکی ئەو لە تەواوەتی جیانیە و با ناچار تەواوەتییە.**



Scanned by CamScanner

٣٤



ئەگەر کەسی زانا و بەهرەمەند و تەواو، خاک و خۆڵ بەدەستەوە بگرێت زێڕی لێبەرهەم دەهێنێت،بەڵام ئەگەر زێڕ بدەیتە دەست نەزان و ناتەواوەوە دەیکات بە خۆڵەمێش.



Scanned by CamScanner

٣٥



**دۆستایەتی شتێکە و، خۆ پیشاندانیش بە دۆستایەتی شتێکی دیکەیە.. بەلام ئایا چۆن دۆستایەتی ڕاستەقینە بزانین و بەچی تاقی بکەینەوە تا ڕاستییەتی ئەو دۆستایەتییەمان بۆ دەربکەوێت؟**



Scanned by CamScanner

٣٦



## دڵتەنگ مەبە

ئەگەر هەموو مۆمەکانی جیهان سووتان و
ڕووناکیەکەیان کوژایەوە
ئێمە هێشتا پریشکێکمان هەیە
کە دووبارە ئاگرێکی پێ هەڵ بکەین.



Scanned by CamScanner

٣٧



**هەزاران شتی لێکجوو دەبینیت**

**بەڵام جیاوازییەکانیشیان ببینە.**

**دەکرێت دووشت لە یەک بچن و**

**جیاوازیی گەورەشیان هەبێت.**

**ئاوی شیرینیش هەروەک ئاوی تاڵ ڕوونە.**



Scanned by CamScanner

۳۸



تەماح بەرچاو و هۆشی مرۆڤ دەگرێت و ڕەشی دەکات.

کەسانێک هەن کە باسی حەقیقەتێکت بۆ دەکەن، چونکە مەبەستێکی دیکەیان هەیە، ئاگایان لێ نییە خۆیان دەڵێن چی و دەبنە کابرای وشترەوان!



Scanned by CamScanner



ئاو بە پیسیی ووت :

" وەرە ئێرە"

پیسی ووتی:

" من زۆر شەرمەزارم"

ئاو وەڵامی دایەوە:

" چۆن شەرمەزاریی تۆ بەبێ من پاک دەبێتەوە؟"



Scanned by CamScanner

٤٠



**پادشایەک بە دەروێشێکی گوت کە:**

**" ئەو دەمەی کە لە دەرگای هەق نزیک دەبیەوە یادم بکە! "**

**گوتی " کاتێ من بگەمە ئەو حەزرەتە و شەوقی هەتاوی جەمالی لە من بدا، من خۆم لەبیر نامێنێ،چۆن یادی تۆ بکەم؟ "**



Scanned by CamScanner

٤١



**ئەگەر تۆ لەگەڵ هەمووان بیت و لەگەڵ من نەبیت**

**تۆ لەگەڵ هیچ کەس نیت.**

**ئەگەر تۆ لەگەڵ من بیت و لەگەڵ هیچ کەسی تر نەبیت**

**ئەوە لەگەڵ هەمووانیت.**



Scanned by CamScanner

## ٤٢



بۆیە عیشق هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە خوێناوی و ئازار بەخشە، بۆ ئەوەی هەرچی بێگانە و نائاشنای عیشق هەیە دەست لەم یارییە هەڵگرن.



Scanned by CamScanner

٤٣



کەشتی بەبێ ڕاگر شەپۆل و گێژەلۆکەکان ئەملاو ئەولای پێدەکەن و نازانێت لە کوێدا دەگیرسێتەوە. هەروەها ڕاگری مرۆڤ لە بەرامبەر گێژەڵۆکەو ڕەشەباکانی ئەم دونیایەدا ژیرییەکەیەتی.جا کەوایە هەوڵ بدەو تێبکۆشە کە خاوەنی ژیرییەکی باش بیت، بۆ ئەوەی بەلای ڕاست و چەپدا نەکەویت و، ئەو ڕەشەباو گێژەڵۆکانەی دونیا یاریت پێنەکەن.



Scanned by CamScanner

٤٤



من هاتم تا تۆ لە ناخی خۆت بهێنمە دەرێ و

بتخەمە ناو دڵم،

من هاتم  تا جوانی تۆ بهێنمە دەرێ،

ئەو جوانیەی کە هەرگیز پێی ئاشنا نەبوویت،

تاوەکو تۆ وەک دوعاکان بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە.



Scanned by CamScanner

٤٥



من خزمەتکارم بۆ قورئان تائەو کاتەی

دڵم لە لەشم دا لێبدا،

هەروەها

من خۆڵم لە ڕێگەی پێغەمبەری هەڵبژێردراو موحەمەددا،

جا ئەگەر کەسێک جگە لەوە شتێکی دیکە بداتە پاڵم،

ئەوە من سکاڵای خۆم بۆلای خودا دەبەم،

دەربارەی و دەربارەی ووتەکەی.



Scanned by CamScanner

٤٦



قسه بۆ ئەو کەسەیە کە پێویستی بە قسە هەبێ تا تێبگا. بەڵام ئەوەی کە بێ قسە تێبگا، لەگەڵ ئەو قسەکردن چ پێویستە؟ ئاخر، ئاسمانەکان و زەوییەکان هەموو قسەن لای ئەو کەسەی کە تێدەگا و لە قسە گووراوە. کەوایە ، لای ئەو کەسە کە دەنگێکی کز دەبیستێ، قاوەقاو و بانگ چ پێویستە؟



Scanned by CamScanner



ئای بۆ ئەو چاوەی کە گەردیلە دەبینێت

بەڵام خۆر نابینێت،

دوور دەزانێت بەڵام نزیک لەیاد دەکات!

کارگەلێکی بێ بەهاو بێ نرخ هەست پێ دەکات، بەڵام

کارگەلێکی بەهادار و بەنرخ پشتگوێ دەخات...

بەدیهێنراوەکان بەنیسبەت بەدیهێنەرەوە بچووکترن لە

گەردیلە ، کەوایە نابینایی ڕاستەقینە بینینی

بەدیهێنراوەکان و بێ ئاگاییە لە بەدی هێنەر.



Scanned by CamScanner

٤٨



**هەر خشتێک لە دیواری " لە خۆبایی بوون"ی خۆت**

**هەڵبکەنیت و فڕێی بدەیت،**

**هەنگاوێک نزیکتر دەکەویتەوە لە گەیشتن بە ئاوی**

**حەیات و ڕاستییەکان.**

**هەرکەسێک تینووتر بێت خێراتر خشتەکان هەڵدەکەنێت.**

**هەرکەسێک عاشقی دەنگێکی زیاتر بێت لە ئاوی حەیات،**

**دەبێت خشتی گەورەتر دەرکێشێت و فڕێی بدات!**



Scanned by CamScanner

٤٩



ئەی نووری ناو دڵ وەرە

مورادی ناودڵ وەرە

ئەی ئەو کەسەی لەتۆوە

ئەوینم زانی وەرە

ئەی ئەوکەسەی گەیشتن پێت خۆشییە

بە جودایت خەمباری و ناخۆشییە

تۆ وەک خۆر دوورو نزیکیت یەکە

ئەی نزیکی دوور وەرە



Scanned by CamScanner

## ٥٠



ئەو دەنگە سەرسوڕهێنەرەی لە ئاسمانەوە دێت

ئەوە منم

ئەو گوڵاوە شیرینەی لە باخچەوە دێت

ئەوە منم

ئەو جوانییە مەزنەی لە دڵ و ڕۆحەوە دێت

ئەوە منم

تا من بەجێت دەهێڵم... چاوەڕوان بە..!

من ناتوانم بەجێت بهێڵم

ئەوە منم.



Scanned by CamScanner

٥١



ئایا بەرد ئەگەر هەزار بەهاریشی بەسەردا تیپەڕێت،
هیچ دەڕوێنێت؟ عەیبەکە لە بەهاردا نییە،
بەڵکو لە دڵە ڕەقەکەی تۆدایە، کە بە خۆ بەزلزانین و
یاخی بوون و شانازی بەخۆ کردن، وەک بەرد ڕەق
بووە. هەوڵ و کۆششی خۆت بخەرە کار تا وەک گڵ
نەرم و نیان و بێ هەوا و دەمار بیت، ئەوجا بە ڕاستی
دەبینیت چەند جۆر گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ لەو گڵە دەڕوێت
و،وەرزی بەهاریش دێت.



Scanned by CamScanner



جوانی لە ڕوانین و چاودایە نەک لە شتەکەدا.

چونکە بەڕاستی ئەوەی شتێک جوان دەکات لەبەر

چاودا ئەوە ئارەزوومەندی و عیشقە.

ئەوەتا هەر جوانییە و لە ڕوانگەی کەسێکی غەمباری

بێتاقەتەوە ناشیرین دەردەکەوێت، لەبەر ئەوە تۆ لەیلا

بە شێوەیەک دەبینیت و مەجنونیش بە شێوەیەکی تر

دەیبینێت. کەوایە بە ڕوانینێکی خاڵی لە عیشق و

تامەزرۆیی مەڕوانە بۆ جوان، بەڵکو بەو چاوە

تامەزرۆیەی مەجنونەوە بۆی بڕوانە.



Scanned by CamScanner

٥٣



ژیری پێشەنگ و پێشەوایە، جگە لە ڕێگایەکدا نەبێت
که بۆلای خۆشەویست ( خودا) بچێت،
تامەزرۆیی و عیشق، ئەو دوانەن کە عاشق دەگەیەنن بە
خۆشەویست.

٥٤



من ئەم قژە نیم،
من ئەم پێستە نیم،
من ئەو ڕۆحەم کە لە ناویدا دەژی.



Scanned by CamScanner

٥٥



ئەگەر دەتەوێت دڵان بەدەست بهێنێت،

تۆوی خۆشەویستی بچێنە

ئەگەر بەهەشتت دەوێت

ڕێگە مەدە درک لەسەر ڕێگاکان بڵاو بکرێتەوە.

٥٦



هەرچەند بە لەش لێم دووریت

بەڵام هەمیشە پەنجەرەیەک لە دڵی منەوە

بۆ دڵی تۆ کراوەیە.



Scanned by CamScanner

٥٧



له ڕاستیدا

ڕۆحی من و تۆ هەمان ڕۆحە،

من له تۆدا دەردەکەوم ، تۆ له مندا،

وه هەردووکمان له یەکتریدا وون دەبین.

٥٨



ئێستا زەردەخەنەیەک بکە،

بەهای ئەڵماس له چیدایه، ئەگەر نه درەوشێتەوه؟



Scanned by CamScanner

٥٩



من له هەرسوو جیهاندا هیچ خۆشییەکم نەدۆزییەوە

جگە لە تۆ ،خۆشیەویستم

من زۆر شتی سەرسامکەرم بینیوە

بەڵام سەرسامکەری وەک تۆم نەدیوە.

٦٠



لە ناخی دڵمدا

ئەوینم بۆ تۆ هیچ سنورێک ناناسێت.



Scanned by CamScanner

٦١



مۆمی عیشق بە پێچەوانەی مۆمەکانی ترەوەیە،
ئەگەرچی ڕووخسارێکی ئاگرینی هەیە، بەڵام
ناوەڕۆکەکەی سەرتاپا خۆشییە.

٦٢



ووشەکانت بەرز بکەرەوە، نەک دەنگت.
گوڵ بە باران دەڕوێت نەک بروسکە.



Scanned by CamScanner

٦٣



ئەی دۆستی من، ئایا شەکر باشترە یان ئەوەی کە
دروستی دەکات؟! ئایا مانگ جوانترە یان ئەوەی کە
بەدی هێناوە؟

٦٤



وەک درەخت بە،
بهێڵە گەڵا مردووەکان بوەرن.



Scanned by CamScanner

٦٥



تەنها ئەوە بەس نییە مرۆڤ بەگوێی جەستە ووشەکان ببیستێت، دەبێت گوێی ڕۆحیش بکرێتەوەو شتەکان بژنەوێت و تێیان بگات!

٦٦



بە چاوی دڵ،

بڕوانە ئەوین.



Scanned by CamScanner

٦٧



پەرۆشی تۆ بۆ من، نامەی منە بۆ تۆ،

هەموو هەوڵەکانی تۆ بۆ گەشتن بە من،

لە ڕاستیدا هەوڵەکانی منن بۆ گەشتن بە تۆ.

٦٨



ماسکەکەت بدڕێنە

ڕوخسارت شکۆمەندە.



Scanned by CamScanner

٦٩



تۆ ڕووناکی ئاگری عەشقیت

لە زەمین و لە ئاسماندا

لە دڵ و لە ڕۆحدا

لە هەموو بوونەوەرێکدا.

٧٠



دڵم، هێندە بە نرخە

بە هەزاران ڕۆح نایگۆڕمەوە

بەڵام زەردەخەنەیەکی تۆ بە خۆڕایی دەبیات بۆ خۆی.



Scanned by CamScanner

٧١



خودا لە دژوارترین کاتەکاندا،

هیوا دەنێرێت.

لەبیر مەکەن کە

بە خوڕترین باران لە تاریکترین هەور پەیدا دەبێت.

٧٢



دامەنیشەو چاوەڕوان بیت،

لێرە بچۆرە دەرەوەو ، هەست بە ژیان بکە،

دەست بدە لە خۆر، خۆت لە دەریادا نقوم بکە.



Scanned by CamScanner

٧٣



ماوەیەک هەزاران ئارەزووم هەبوو،

بەڵام تەنیا ئارەزووم ناسینی تۆ بوو،

ئەو ئارەزووە هەموو ئارەزووەکانی تری خستە کەنارەوە.

٧٤



خۆشەویستیی،

ڕێگاو ڕێبازی پێغەمبەرمانە

ئێمە لە خۆشەویستی لە دایک بووین،

خۆشەویستی دایکمانە.



Scanned by CamScanner

٧٥



هەموو ژیانی خۆت بە ئاخاوتنی بریقەدار تێپەڕاند،
پێویستە بۆ ماوەیەک ، بەتەنیا لە باخچەی بێدەنگیدا
پیاسە بکەیت.

٧٦



باوەڕ ( ئیمان) ...
بۆ ئەوەیە کە ڕووناکی لە دڵتدا ببینیت،
تەنانەت ئەگەر چاویشت جگە لە تاریکی هیچی تر
نەبینێت.



Scanned by CamScanner

٧٧



من عاشقی تۆم ، وەرە تەنیشتم

من دەرگا بۆ عەشقت دەکەمەوە،

وەرەر لەگەڵم بمێنەرەوە،

وەرە ببینە دراوسێی ئەستێرەکان.

٧٨



توڕە بوون وەک بایەکی بەهێز وایە،

دوای کەمێک هێواش دەبێتەوە،

بەڵام چەندین لقی شکاو لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت.



Scanned by CamScanner

٧٩



دەمەوێت وەک باڵندە ستران بڵێم

گوێ بەوە نادەم کە

کێ گوێی بۆ دەگرێت

یان بیر لە چی دەکەنەوە.

٨٠



ئەو دەمەی تەماحت سەردەکات و ئارەزووت دەکوڵێت،

پەنا بە خوا بگرە و بڵێ: ئەی ئەو زاتەی بەهانای

بێچارانەوە دێیت، فریام بکەوە.



Scanned by CamScanner

٨١



خودایە!

ڕۆحم ببە ئەو جێگایەی،

کە تێیدا

بەبێ ووشە بتوانم بدوێم.

٨٢



خۆشەویستی

لە ئیرادەی ئازادی خۆتەوە دێت..

ناتوانیت لە هیچ قوتابخانەیەک فێری ببیت!



Scanned by CamScanner

٨٣



دوێنێ زیرەک بووم،

بۆیە ویستم ئەم جیهانە بگۆڕم،

ئەمڕۆ زانام، بۆیە دەمەوێت خۆم بگۆڕم.

٨٤



ڕەنگە تاریکی بتوانێت

گوڵ و درەختەکان لەبەرچاومان بشارێتەوە

بەڵام ناتوانێت خۆشەویستیی لە ڕۆح بشارێتەوە.



Scanned by CamScanner

٨٥



ئەی خۆشەویستم بمبەو ...

ڕۆحم ئازاد بکە،

پڕم بکە لە ئەڤینی خۆت،

من لە هەردوو دنیا ڕزگار بکە،

ئەگەر لە جیاتی تۆ دڵم دایە شتێکی تر،

بهێڵە با ئاگر لە ناخەوە بمسوتێنێت،

ئەی خۆشەویستم،

ئەو شتەی دەمەوێت لێم دوور بخەرەوە،

ئەو شتەی دەیکەم لێم دووربخەرەوە،

ئەو شتەی پێویستمە لێم دووربخەرەوە،



Scanned by CamScanner

هەموو ئو شتانەی کە لە تۆم دووردەخەنەوە، لێم دووربخەرەوە.

٨٦



هەندێک چێژیان ئەوەیە کە گوڵەکان بپشکوێن و سەر لە غونچە دەرکێشن،هەندێک چێژیان ئەوەیە کە گول هەڵوەرێنن و بچنەوە سەر ئەسڵی خۆیان.



Scanned by CamScanner

٨٧



له پەرستگاکاندا،

له کەنیسەکاندا،

له مزگەوتەکاندا،

بۆ خودا گەڕام،

بەڵام ، له دڵمدا دۆزیمەوە .

٨٨



کاتێک لێوەکان بێ دەنگن

دڵ خاوەنی هەزار زمانە .



Scanned by CamScanner

٨٨



ئەگەر تۆ تامەزرۆی

بۆ بڵندبوونەوە بۆ بۆ ئاسمان،

هەروەها سەرکەوتن بۆی،

ئەوە باش بزانە  کە ڕۆژوو

ئەسپێکی کەحیلەیە  پێشکەش بەتۆ کراوە .

٩٠



مانگ لە ڤیستیڤاڵی عەشقدا،

بووەتە سەماکەر.



Scanned by CamScanner

٩١



پەروەردگارا!

ئەگەر سەری هەر تاڵە موویەکی من زمانێک پەیدا بکات، ئەوا ئەو زمانانە دووبارە ناتوانن سوپاس و شوکری تۆ بەجێ بهێنن.

٩٢



کاتێک دەڕوانمە ئەو، خۆم دەبینم،

کاتێک لە خۆم دەڕوانم، ئەو دەبینم.



Scanned by CamScanner

٩٣



ئەم جیهانە سەرتاپا

لە کێشەیەکی قوڵدایە،

بەڵام دەکرێت بەخێرایی چارەسەر بکرێت،

بە گوڵاوی خۆشەویستی.

٩٤



من تۆم،

مەمدە دەست خۆم!



Scanned by CamScanner

٩٥



دڵم هەمان ڕێی تۆی هەیە،

سەر سەودای تۆی هەیە،

ڕوخساری تێکچووی زەردم،

خەمی زەرد هەڵگەڕاوی تۆی هەیە.

٩٦



عەشق ئاوی ژیانە،

بە دڵ و ڕۆح بینۆشە.



Scanned by CamScanner

٩٧



دوو شت هەن

هەرگیز تەواو نابن،

خۆشەویستیی دنیا و

خۆشەویستیی زانست.

٩٨



عەشق نووسەرە،

ئێمە تیانووسین.



Scanned by CamScanner

٩٩



بە گوێی لێبوردەیی گوێبگرە،

بە چاوی میهرەبانی بڕوانە،

بە زمانی خۆشەویستی بدوێ!

١٠٠



عەشق هەست و سۆز نییە،

عەشق هەموو بوونە!



Scanned by CamScanner

١٠١



**بە جوانی من هەڵمەخەڵەتێ،**

**ڕووناکی ڕوخسارم**

**لە مۆمی ڕۆحمەوە دێت.**

١٠٢



**- ڕێگا زۆرن بۆ گەشتن بە خودا،**

**من ڕێگای خۆشەویستیی هەڵدەبژێرم.**



Scanned by CamScanner

١٠٣



من ڕۆحێکم، کە چی هەزاران جەستەم هەیە،
زۆر کەس دەڵێن "" من " و " من"
بەڵام کەس نییە بڵێت " من تۆم".

١٠٤



ڕەنگە تۆ لە ناو لقی درەختەکاندا،
بە دوای ئەو شتەدا بگەڕێیت،
کە تەنها لە ناو ڕەگەکاندا بێت.



Scanned by CamScanner

١٠٥



پیرۆزیەک لە فرمێسکدا هەیە

نیشانەی بێدەسەڵاتی نییە،

بەڵکو سەرانسەر هێزو جوانییە.

١٠٦



ئەوانەی دڵیان پاک و ڕوون کردووەتەوە لە ڕەنگ و بۆ ڕزگاریان بووە. هەردەمە و سەرگەرمی تەماشاکردنی جوانییەکن!



Scanned by CamScanner

١٠٧



ئێمە لێرەو لەوێ دەگەڕێین،

کاتێک تەماشای ئەو دەکەین،

لە تەنیشتی دادەنیشین،

دەپرسین:

" ئەی خۆشویستراو، خۆشویستراو لە کوێیە"

١٠٨



عەشق پێناسە ناکرێت،

عەشق دەبێت تام بکرێت!



Scanned by CamScanner

١٠٩



خۆش بەحاڵی ئەوەی

"خودا "سوڵتانی تاک و تەنهایی نێو دڵیەتی

"شەوان" ئاسوودە دەنوێت،

"سپێدان " یش بە ئومێدەوە بێدار دەبێت!

١١٠



لە دوورەوە، تۆ تەنها ڕووناکی من دەبینیت،

نزیک بەرەوە و بزانە کە من تۆم؟



Scanned by CamScanner

١١١



خودا حافیزی بە تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە

کە بە چاو ئەویندارن،

چونکە بۆ ئەوانەی کە بە دڵ و ڕۆح ئەویندارن

شتێک بە ناوی جوودابوونەوە (خوداحافیزیی)

بوونی نییە.

١١٢



من چیام، تۆ بانگم دەکەیت،

من دەنگ دەدەمەوە.



Scanned by CamScanner

١١٣



ئێمە هاتووین،

تا وەک باران داببارین بەسەر هەموو شوێنێکدا،

وەک خۆر بچینە هەموو ماڵێک،

بۆ ئەوەی ڕوومەتەکانمان وەکو گڵ

لەژێر پێی خەڵکدا بێت!

١١٤



چراکان لە یەک جیان،

بەڵام ڕووناکی یەکان وەک یەک وان.



Scanned by CamScanner

١١٥



تۆ؟

کەی دەست بە گەشتێکی دوورودرێژ دەکەیت

بۆ ناخی خۆت؟

١١٦



ئاسانە شەڕ لەگەڵ شێری دارستاندا بکەیت و بیبەزێنیت،

قارەمانی ڕاستەقینە ئەوکەسەیە کە بەسەر نەفسیدا

سەردەکەوێت و دەیبەزێنێت!



Scanned by CamScanner

١١٧



ئەگەر مرۆڤەکانی ئەم جیهانە تینوویانە و

بەشوێن ئاودا دەگەڕێن،

ئەوا ئاویش دەگەڕێت بەدوای ئەوانەدا کە تینوویانە.

١١٨



حەیفە بگەیە دەریاو لە دەریا بە لوێچێک یا گۆزەیەک

رازی بی.ئاخر لە دەریاگەوهەر و سەد هەزار شتی

بایەخدار دەردەکێشن.



Scanned by CamScanner

١١٩



تاکەی بەردەوام بم لە گەڕان؟

لە هەمووماڵێکدا، لە پشتی هەموو دەرگایەکەوە،

بۆت گەڕام،

دەی تاکەی بەردەوام لێم ڕادەکەیت؟

١٢٠



ئێمە تەنها فڵچەیەکین

لە دەستەکانی نیگارکێشدا.



Scanned by CamScanner

١٢١



ئەو کە لە چاوی مندایە،

من بۆ کوێ سەفەر بکەم؟

ئەو کە شاری دڵمی گرتووە،

دەی من بۆ کوێ سەفەر بکەم؟

١٢٢



هەموو گەردوون،

تەنها دڵۆپێکە لە جوانی ئەو ( خودا)٠



Scanned by CamScanner

١٢٣



تۆ ژیانی منیت،

تۆ ڕۆحی منیت،

تکایە ببە دوایین دوعای من،

دڵم پێویستە بۆ هەتا هەتایە هەڵت بگرێت.

١٢٤



ببە بە ڕووناکی مانگ لە شەوە تاریکەکاندا،

من تینووی ڕووناکی تۆم.



Scanned by CamScanner

١٢٥



ئەی عیشق،

تۆ لەلای خەڵک زۆر ناوو شۆرەتت هەیە،

بەڵام من دوێنێ شەو ناوێکی ترم لێناویت:

" دەردی بێ دەرمان".

١٢٦



کاتێک کە بێدەنگ دەبم،

دەکەومە جێگایەک کە هەموو شتێک تێیدا مۆسیقایە.



Scanned by CamScanner

١٢٧



هەرگیز مەگەڕێ بە دوای بیانوویەک بۆ

زیزبون و نەویستن،

بەدوای چارەیەکدا بگەڕێ بۆ

خۆشەویست بوون و مانەوەی هەتا هەتایی...

١٢٨



هیچ مۆمێک بە داگیرساندنی مۆمێکی تر

ڕووناکی خۆی لە دەست نادات.



Scanned by CamScanner

١٢٩



عیشقەکەت لە هیچ شوێنێک جێگەی نەبووەوە،

تەنیا دڵم نەبێ،

ئێستا لەوێش جێگای نابێتەوە و

بە چاوما دێتە خوارێ!

١٣٠



دەوڵەمەندی کڵاوێکە،

تاکو کەچەڵی خۆمانی پێ بشارینەوە.



Scanned by CamScanner

١٣١



لە ڕووت زیاتر، ناخت بڕازێنەوە.

ئەگەر خەڵکی سەیری ڕووت دەکات،

خودا سەیری ناخت دەکات.

١٣٢



عەشق زمانی خودایە،

هەموو زمانەکانی تر وەرگێڕانێکی لاوازن.



Scanned by CamScanner

١٣٣



بەراستی گەورەترین عەیب ئەوەیە،

کە جگە لە عەیبەکان،

هیچی تر نەبینیت.

١٣٤



دڵم خوێندکاری تۆیە،

وانەی خۆشەویستی دەخوێنێت.



Scanned by CamScanner

١٣٥



خوای گەورە لە شادەماری مرۆڤ لە مرۆڤەوە نزیکترە،

بەڵام هەمیشە ئادەمیزاد تیری بیرکردنەوەکانی خۆی بۆ

دوور دەهاوێژێت!

١٣٦



لە هەر جێگایەک بوویت،

ببە بەڕۆحی ئەو جێگا.



Scanned by CamScanner

١٣٧



چاوەکانت دابخەو،

جارێکی تر بە عەشقەوە،

لە عەشق بڕوانە!

١٣٨



چەندین مرۆڤم بینیوە کە بێ جل بوون

وە چەندین جلم بینیوە کە مرۆڤیان تێدا نەبووە.



Scanned by CamScanner

١٤٠



ناتوانیت بە هەستە مادییەکانت

هەست بە هەموو شتێک بکەیت .

هەندێک جار چاوی دڵ بینا ترە لە چاوی سەر!

١٤١



چاوەکانت بکەرەوە...

ئەم جیهانە تەنیا خەونێکە.



Scanned by CamScanner

١٤٢



**بینایی من، دڵێ من، ژیانی من...**

**هەرسێ پەیڤەکەم پێکەوە گرێداوە لە یەک ووشەدا:**

**خۆشەویستی!**

١٤٣



**ژیان لە ناو مردن و ڕەنج و میحنەت دایە،**

**ئاوی حەیات لە نێو قوڵایی تاریکی دایە.**



Scanned by CamScanner

١٤٤



نا .... نەکەی بڕۆیت!

خۆ ئەگەر هەر دەڕۆیت...

هانێ ڕۆح و گیانم لەگەڵ خۆت بەرە .

١٤٥



بۆچی هەردەرگایەک هەبێت، تۆ لێی دەدەیت؟

بڕۆ و ، دەرگای دڵی خۆت دابخە.



Scanned by CamScanner

١٤٦



ئەوین:

کەشتی نوحە،

سەرنشینەکانی ترسیان لە نقوم بوون نییە!

١٤٧



بەڕاستی ئەوەی شایستەی لێترسانە ،

نەفسی خۆمانە نەک مەرگ!



Scanned by CamScanner

١٤٨



ئاگاداری ئەوەبن،

لەگەڵ کێ دەگەڕێن؟

لەگەڵ کێ هاوڕێیەتی دەکەن؟

چونکە بولبول

دەتانباتە لای گوڵ و

قەلەڕەشیش دەتانباتە زبڵدان...!

١٤٩



جگە لە عەشق هەرشتێک دەبینیت، بوونی نامێنێت!



Scanned by CamScanner

## ١٥٠



له ده‌روونی مندا وه‌ره ده‌ره‌وه‌،

ئه‌ی ئه‌و كه‌سه‌ی له من منتری،

هه‌تاوه‌كو به‌و شێوه‌یه مانگت پێ پیشان بده‌م

كه له مانگ ڕوونتری.

## ١٥١



ژیری ده‌سته‌وسانه له ده‌ربڕینی خۆشه‌ویستیدا.



Scanned by CamScanner

١٥٢



ئەی دڵ،

لەلای کەسێک دابنیشە، کە

ئەهلی دڵ و ئاگای لە دڵ بێت !

١٥٣



لە هەموو ئاینێکدا خۆشەویستی هەیە،

بەڵام خۆشەویستی هیچ ئاینێکی نییە.



Scanned by CamScanner

١٥٤



دڵ ئەو کاتە دڵەو هەستی پێ دەکرێت،

کە دڵبەرێک هەبێت و بیبات،

وە ئەگەرنا دڵ نییە!!

١٥٥



تۆ دیوتە ئاشقێکی وا کە تێر بوبێ لەسەر سەودا

تۆ دیوتە ماسییەکی وا کە تێر بوبێ لە نێو دەریا



Scanned by CamScanner

١٥٦



بمکوژە

ئەگەر بە عیشق منت کوشت،

ئەوا بە زیندوویی دەمێنمەوە!!

١٥٧



هەر کەسێ بێدارترە ، پڕ دەرد ترە

هەر کەسێ ئاگاترە ، ڕوو زەردترە!



Scanned by CamScanner

١٥٧



ئەوەندە گەرم داگیرساوم بە عیشق،

دەستم لێمەدە،

نەبادا پەنجەکانت بسوتێن.

١٥٨



ئەگەر دەتەوێت وەک رۆژ ڕووناک بیت، دەبێت ئەو

" خۆپەرستی" یەت بسوتێنیت کە چەشنی شەوی تارە!



Scanned by CamScanner

١٥٩



تەماح مرۆڤ کوێر دەکات و نادانی دەکات،

مردنیش بۆ کەسی نادان ئاسانتر دەکات.

١٦٠



ئەوەی لە برینە بە سوێکانی دونیا بێزار ببێت و بیەوێت

لێیان دەرباز ببێت، دەبێت واز لە دونیا بهێنێت!



Scanned by CamScanner

١٦١



من له ئامێزی خەزاندا زەردم بۆ تۆ

تۆ له ئامێزی بەهاردا چۆنیت بۆ من؟

١٦٢



تەمبەڵی و خودپەسەندی و خراپەکانی ناو ناخت

بەو گێلێتییە چۆن دەشاردرێتەوە فێڵباز؟!



Scanned by CamScanner

١٦٣



ئەگەر مرۆڤ خەیاڵی دایە شتێک،

ئیدی لە ئاست هەموو شتێکی تردا کوێر دەبێت!

١٦٤



گوڵ لەسەر بەرد ناڕوێت،

تۆ ببە بە خۆڵ تا سەرت ببێتە گوڵستان!



Scanned by CamScanner

١٦٥



کەسی دانا ئەو کەسەیە کە پەند و ئامۆژگاری

لە زەرەر و مردنی دۆستەکانی وەردەگرێت!

١٦٦



بزانە عیشق بە تەواوی بێ دەنگە،

هیچ ووشەیەک نییەبتوانێت وەسفی بکات!!



Scanned by CamScanner

١٦٧



**غەفڵەت دەدەنە پاڵ عاشق!**

**وەلێ ئەوەی مەعشوقی نەبێ غافڵە..!**

١٦٨



**دڵی باڵندەکانی ڕۆح یەکخە،**

**تا هیچیان گەردیان پێوە نەمێنێت!**



Scanned by CamScanner

١٦٩



عەقڵ تا بیردەکاتەوەو پلان دادەڕێژێت

عیشق دەگاتە حەوتەمین ئاسمان!

١٧٠



کە دڵت لای من نەبێت ،

هاونشینی چ سوود؟



Scanned by CamScanner

١٧١



**سینگێکم دەوێت،**

**بە دەردی دووری کون کون بووبێت،**

**تا بتوانم شەرحی دەردی ئیشتیاقی بۆ بکەم.**

١٧٢



**زانستی ڕاست ئەوەیە**

**کە ڕێگایەک نیشانی ئادەمیزاد بدات!**



Scanned by CamScanner

١٧٣



مەعشوق هەموو بەشەکانی جەستەمی گرتەوە

ئەوەی لە من ماوە تەوە، تەنها ناوە،

ئەوی تر هەمووی ئەو.

١٧٤



وەک گوڵ بە،

تا گوڵی ڕەنگاوڕەنگت لێ بڕوێت.



Scanned by CamScanner

١٧٥



حاڵی دڵدار

کوا دەزانن بێ دڵان؟!

١٧٦



ڕووناکیی لە ئامێز بگرە و بهێڵە ڕێگات نیشان بدات.

١٧٧



بەبێ عەشقیش، ئەم جیهانە دەتوانێت خۆی ڕابگرێت.



Scanned by CamScanner

۱۷۸



بێدەنگی زەریایە، قسە کردن ڕووبارە.

۱۷۹



جیهانی هەرکەسێک

بە ئەندازەی تێفکرین و بینینی خۆیەتی!

۱۸۰



گەر بڕوا دیدە و ئەقڵ و هزر و گیان تۆ مەڕۆ

کە لە لام دیتنی تۆ باشتر لە گشت وان تۆ مەڕۆ



Scanned by CamScanner

## حەوت بنەمای مەولانا

١- لە پیاوەتی و هاریکاری خەڵکی دا وەک ڕووبار بە.

******

٢- لە جوانی و بەخشندەیی دا وەک خۆر وابە.

*****

٣- لە شاردنەوەی کەم و کوڕیی خەڵکی دا
وەک شەو وابە.

*****

٤-لە تووڕە بوون و زویر بووندا وەک مردو وابە.

*****

٥- لە سادەیی وبێفیزی دا وەک خاک بە.

*****

٦- لە لێبوردەیی و قەبووڵکردنی ئایندا وەک زەریا وابە.

******



Scanned by CamScanner

٧- له خۆدەرخستندا بۆ کەسانی دی دا

یان وەک ئەوەی کە هەیت خۆت دەربخە

یان ببە بەو شێوەی کە خۆت دەردەخەیت.

*****





Scanned by CamScanner

# وەسیەت نامەی مەولانا

" وەسـیەتتان بـۆ دەکەم لەخـوا بترسـن، لەکـاتی نهێنـی و ئاشـکرادا،وە کەم خـواردن و کەم خەوتـن،کەم قسـە کردن،وازهێنان لە گوناە و تاوان،ئاگاتان لە ڕۆژووەکانتان بێت و بەردەوام بن لەسەر نوێژەکانتان،وەسیەتتان بۆ دەکەم وازبێنن لە هەوای نەفس و شەیتان لە هەموو کات و شوێنێکدا. وەسیەتتان بـۆ دەکەم دوور بـن لە مەجلیسـی بێمێشـکەکان و نەزانەکان،داواتان لێ دەکەم کە کۆببنەوە لە کۆڕ و کۆبونەوەی ئەولیاکان و پیاوچاکان.

باشـترینتان ئەو کەسـەیە کە بـۆ خەڵکـی زۆرتـرین سـوودی هەیە،باشـترین گوفتـار ئەوەیە کە کـورت و پوخـت بێـت، وە ستایش تەنها بۆ خوای تاک و تەنهایە.



Scanned by CamScanner